## سامان کەریم

پێویست ناکات لەسەر پرۆسەی گاڵتەجاری هەڵبژاردن قسەیەك بکەین، لەمبارەوە زۆرمان نوسیوە، بەکورتی ئەمە هەڵبژاردن نەبوو، ناویان نا هەڵبژاردن. عێراق، بەکوێ دەگات؟ راستیەکەی ئەوەیە کە هەڵبژاردن وێستگەیەك بوو لە قوڵبونەوەی سیناریۆی ڕەش‌و لەهەمانکاتدا هەنگاوێك بوو بۆ بینای دەولەت لە عێراقدا. شەرعیەتی دا بەوەی کەهەبوو لەئاستێکی فراوانترو بە پشتی هەڵبژاردن‌و "کۆمەڵ نێونەتەوەیی"، واتە شەرعیەتی دا بە پێناسە کردنی ئینسان لە عێراقدا لەسەر پایەی قەوم‌و تائیفەی مەزهەبی و عەشائیری، شەرعیەتی دا بەوەی کە کۆمەڵگا لەعێراقدا پێکهاتوە لە شیعەو سوننەو کورد، نەك هاوولاتیانی وولاتیك، ئەمە مانا عەمەلیەکەی فراوانبونەوەی زیاتری دامێنی ئاپارتایدی قەومی‌و تائیفیە هەر ئێستا لە پەیوەند بە پێکهێنانی حکومەتەوە بەرۆشنی ئەوە دەبینین، ئەمە زەنگی خەتەریکی گەورەیە بۆ لەبەر یەکترازانی تەواوی بنەماکانی کۆمەلگاو ژیانی مەدەنی، دیاردەیەك وەك بە لوبنانەکردن.

سەرنج بدەن لەسەر تەواوی مەسائیلە محوریەکان کێشەی جدی هەیە جۆری دەولەت‌و حکومەتێك کە پێویستە لە عیراقدا دەسەلاٌتداریتی بکات، کێشەی کوردو چارەسەرکردنی، جێگاو ڕیگای دین لە دەوڵەتدا، مەسەلەی کەرکوك، فیدرالیەتی قەومی، بەشداریکردنی" سوننە"، مانەوەو چونەدەرەوەی هێزەکانی ئیحتلال، لەسەر هەموو کێشە ئەصلیەکانی ئەمڕۆی عێراق دوبەرکیٚ‌و ململانیٚی گەورە هەن لە نێوان هیزە براوەاکاندا، بەلام هەموشیان پێکەوە هاوبەشن لەوەی کە هیچ باسێکیان نیە لەسەر مافە مەدەنی‌و فەردی وسیاسیەکانی خەڵکی عێراق. لەلایەکی ترەوە هەڵبژاردن شەرعیەتی دا بە ئیحتلالی ئەمەریکی، هەر ئێستا لە ڕاگەیاندنەکانی بۆش‌و رامسفیلدو کوندالیزا رایس‌و هەروەها هەموو ئەوانەی کە خۆیان ئامادە کردوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران‌و سەرۆکی عێراق، بەڕۆشنی دیارە، ئەوە ڕۆشنە کە ئەمەریکا لەعێراقدا دەمێنێتەوە، دیارە ناونیشانی تازەی بۆ دادەنێن لە چەشنی ڕیکەوتنی دوو لایەنەو شتی لەم بابەتە. دیارە مەسەلەی ئیحتلال‌و مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا مەسەلەیەکی حەساسی ئەمڕۆی کۆمەڵگای عێراقە. بونی ئەم هێزانە لەعێراقدا سەرچاوەی بەشێکی زۆری مەئسات‌و کویرەوەرییەکانی خەڵکی عێراقە، تیرۆرو تیرۆریزم بەبیٚ بونی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەعێراقدا زەمینەی عەینی خۆی لە دەست دەدات.

پێشتر دەیانگوت ئابلوقەی ئابوری لەسەر عێراق حکومەتی بەعس لاواز دەکات‌و هێزەکانی پرۆ ئەمەریکای لە عێراقدا هەموو یان چەپلەیان لێدەدا بۆ بەردەوام بونی، ئێمە وتمان ئەوە جینۆسایدێکی گەورەیەو مەحکومەو دەبێت دەست بەجیٚ بڕیارەکەی هەڵبوەشێتەوە، دیارە  ئێستا بۆهەموان ڕۆشنە کە ئەوە پڕوپاگەندەیەکی فریوکارانە بوو. ئێستاش هەمان ئەو هێزانە دەڵێن ئەگەر ئەمەریکا بڕوات خەتەرێکی گەورەیەو شەری ئەهلی ڕودەدات، ئیسلامیەکان دێنە سەر حوکم، تازە سەیر ئەوەیە بەشێك لە ئیسلامیەکان دەڵین ئەمەریکا نەڕوات!. پیم وابێت ڕۆشنە کە جەنگو ئیحتلالی ئەمەریکا وشەڕی تیرۆریستانەی ڕۆژانەی ئەو لەگەل تیرۆریستانی ئیسلامی و دامەزراندنی کۆنەپەرسترین حکومەتی قەومی – تائیفی‌و دارشتنی کۆنەپەرسترین دەستوری ئینقتالی، خۆی باشترین زەمینەی بۆ ئەو جەنگی ئەهلیٚیە پێکهێناوە لە بن دەستی خۆیەوە.

حکومەتی ئایندەی دوای هەڵبژاردن، ڕۆشنە چۆن حکومەتێك دەبێت، حکومەتی ڕێکەوتنی نێوان هێزە جیاوازەکانی ئیسلامی سیاسی‌و بزوتنەوەی کوردایەتی‌و بەجۆرێکیش ناسیونالیزمی عەرەبە، ئەوەی خۆیان پیٚی دەلێن "پێکهاتوە ئەصلیەکانی عێراق" واتە حکومەتی شیعەو کوردو سوننە دەبێت، حکومەتێکی قەومپەرست‌و تائیفەگەر دەبێت، دژ بە مافەکانی خەڵکی عێراق دەبێت‌و حکومەتێکی دژە ژن‌و مافەکانی ژنان دەبێت، حکومەتێکی تا سەر ئیسك دژ بەکرێکاران دەبێت، بەلاٌم لە هەمانکاتدا حکومەتێکی وشکە کەلەك دەبێت‌و بەفشاری ئەمەریکا خۆی دەگرێت، چونکە پیکهاتەیەکی دژ بەیەکی هەڵگرتوە لە بەرژەوەندی‌و خواستی جیاواز.

بەلاّم هەر وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدات، ئەم هەڵبژاردنە گالتەجارییە، وێستگەیەكو هەنگاوێكیشە بۆ بینای دەوڵەت لەلایەن ئەمەریكاو هێزە كۆنەپەرستو دەستڕاستەكانی كۆمەڵگاوە، چونكە بەپێی قانونی مەرحەلەی ئینتقالی بڕیارە ئەم حكومەتە سیستەمی دەولەت دابرێژێتو دەستورەكەی بۆ بنوسێت، كە لەمبارەوە كێشەیەكی جدییان هەیە، پیم وابیت ئەگەر بەم شێوەیە بۆیان بچێتە سەر دەولەتێكی ناسازگار لە چەشنی لوبنان دروست دەكەن، كە هێزی كۆنترۆلكەری هەر ناوچەیەك خۆی سەربەست بێت چۆن ئیدارەی ناوچەی خۆی دەكات لەباری كاروباری ناوخۆیی ناوچەكەی خۆیەوە، بونمونە لەباری كاروباری ئەحوالی شەخسی، مافە فەردیو مەدەنیەكان، وە تەنانەت جێگای دین لە كاروباری حوكمڕانی ئەو ناوچانەدا... ئەمەش جۆرێكە لە پێكهێنانی دەوڵەت لە فەزای سیناریۆی ڕەشدا، دەوڵەتێك كە دیسان بە قەد بالأی حكومەتەكەی سیستەمێكی وشكەكەڵەكە، ناتوانێت بۆدرێژ ماوە بمێنێتەوە. دیارە ئەمەریكا سورە لەسەر ئەم هەنگاوانەیو هێزە دەستڕاستەكانی بن دەستیشی لە عێراقدا لەگە ڵیدا هەن، مەسەلەكە ئەوەیە جەماوەری عێراق چی دەڵێت؟ وە وەلامی چی دەبێت بەم هەلومەرجە.

بۆ وەلامی بەشی دووەمی پرسیارەكەتان پیم وابێت ڕۆشنە، كە دژایەتیو بەرژەوەندی جیاوازی لایەنەكان ڕیگا بە دامەزراندنی حكومەتێكی موتەمەركرز نادات بەتایبەت لەهەلومەرجی ئێستادا، لەم هەلومەرجەدا زیاتر لایەنەكان بەرژەوەندیان لە لامەركەزیەتدایە، ئەكەر بیانەوێت عێراق وەك وولاتێك بمێنیتەوە. فیدرالیزمی قەومیوفیدرالیزمی تائیفیو فیدرالیزمی جوگرافیایی تەرحی پینج فیدرالیو چوار ناوچەی ئیداری كە تازەترین نەخشەیە لەلایەن جەنەرال ئەبو زەیدەوە پێشنیار كراوە هەمویان لە راستای ئەوەدا كاری خۆیان دەكەن كە لامەركەزییەت جێگای مەركەزییەت بگرێتەوە. بەلام ڕۆشنە ئەم حكومەتە نەك ناتونێت چارەسەری كێشەی نانو ئەمنیەتو ئیحتلال بكات بەڵكو خۆی حكومەتیئیحتلالو شەرعیەت پێدانە بە ئیحتلال، وەخۆی حكومەتێكە كە بەرئەنجامی برسێتیو نا ئەمنیو شەڕو كێشەو زەوتكردنی ئازادی هاتۆتە مەیدان، ئیتر چۆن چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەكرێت كە برسێتی چارەسەر بكات، یان كۆتایی بە ئیحتلال بهێنێت، یان ئەمنیەت فەراهەم بكاتو ئازادی دەستە بەركات. راستیەكەی ئەوەیە ئەگەر فەرزی ئەوە بكەین، كە ئەمنیەتو ئازادی هەبوایە تەنانەت بەبونی ئیحتلالیشەوە، زۆربەی ئەم جەنابانە، دەبوایە كورسیان لەدەرەوەی پەرلەمان دابنایە. هێزە پێكهێنەرەكانی ئەم حكومەتە، خۆیان هۆكاری ئەصلی نەبونی ئەمنیەتو نانو ئازادین، وەخۆیان چەپلە لێدەری ئیحتلالن بۆیە بیركردنەوەیەكی وا تەنیا لە لیبرالێكی گەوجی پڕۆ ئەمەریكا دەوەشێتەوە، كە بە بیستنی ناوی هەڵبژاردن حاڵی لێ دێتو پێی وایە هرچی درەوشایەوە ئاڵتونە.